کەی دەنگی پەنابەرانی کورد دەبیسترێت ؟

بەهرێز بوچانی، ئەو پەنابەرە کوردەی کە ماوەی چەندین ساڵە لە کەمپەکانی پەنابەران لە دوورگەی مانوسی پاپانیوگینیا دەستبەسەرە، هۆشداری دەدات لەبارەی خراپبوونی دۆخی پەنابەران لەو دوورگەیە و داوا دەکات کە حکومەتی نوێی پاپانیوگینیا کۆتایی بهێنێت بەو قەیرانە لەو دوورگەیە.
بوچانی، بە ئاژانسی هەواڵی ئادێ نیوزلاندی ڕاگەیاندووە نزیکەی 40 پەنابەر هەوڵی خۆ ئازاردان و خۆکوشتنیان داوە لە بەرواری 18 مانگی ڕابردووەوە کە ڕۆژی هەڵبژاردنەکانی ئوسترالیا بووە.

ئەو پەنابەرانە، ئەو کەسانەن کە پێشتر هەوڵیانداوە بە قاچاخ و بە بەلەم ڕوو لە ئوسترالیا بکەن بەڵام دەستگیرکراون و ڕەوانەی کەمپەکانی ئەو دوورگەیە کراون و ماوەی شەش ساڵە بەبێ ئەوەی دادگایی بکرێن بێ یەکلایکردنەوەی کەیسەکانیان بێ وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی لە ئوسترالیا ، لەو دوورگەیە دەستبەسەرن.
بەپێی یاسا تونەدکانی حکومەتی ئێستای ئوستراڵیاش، ئەو پەنابەرانە هەرگیز لە ئوسترالیا نیشتەجێ ناکرێن.

ئامادەکردنی: هێژار تەها
سەرچاوە : ماڵپەر هەواڵی ئادێ نیوزلاند